# نامەی هاوڕێ عەبدوڵڵای موهتەدی بە بۆنەی پەیوەست بوونەوەی ژمارەیەك لە تێكۆشەرانی دێرین بە ریزەكانی ڕێكخستنی كۆمەڵە

**هاوڕێیانی خۆشەویست، تێكۆشەرانی دێرینی كۆمەڵە،**
**گەرم و گەشترین سڵاوی شۆڕشگێڕانەتان پێشكەش.**

لە هەفتەكانی رابوردوودا باسی گەرانەوەی ئێوە بۆ ناو ریزەكانی ڕێكخستنی كۆمەڵە، وەكوو هەواڵێكی دڵخۆشكەر بەناوماندا بڵاو بووەوە. من بەناوی خۆم و هەموو كۆمیتەی ناوەندیی‌یەوە گەرمترین پیرۆزباییتان لێ‌دەكەم و بەخێرهاتنەوەتان پێ‌دەڵێم.

بەڵام لە راستیدا ئێوە تێكۆشەرانی رۆژانی سەختی كۆمەڵە، پێویستتان بە بەخێرهێنانەوە نییە، ئێوە میوان نین، خاوەن ماڵن. ئێوە بەشێك لەو سەرمایە ئینسانییەی رەوتی چەپ و شۆڕشگێڕی رەسەنی كوردستانن كە حیزبێك بەناوی كۆمەڵەی كۆی كردنەوە و باری هێنان و رێكی خستن و لە كوورەی خەباتێكی پڕاوپڕ و هەمەلایەنەی سیاسی و جەماوەریی و چەكداریی و رێكخراوەیی و رۆشنبیریی‌دا قاڵی كردن. ئێوە بەشێك لەو رەوتە رادیكاڵ و نوێخوازە بوون كە كاتی خۆی بۆ یەكەم جار لە كوردستان ئاڵای رزگاریی چینی چەوساوەیان هەڵكرد، وشیار كردنەوە و رێكخستنی كرێكاران و جووتیارانی هەژاریان كرد بە پیشەی خۆیان و رێكخراوە جەماوەری‌یەكانی ئەوانیان هێنا ریزی پێشەوەی شانۆی سیاسی و بە یەكدەنگ هەوڵیان دا كرێكار و هۆزی گەورەی بەش مەینەتان، ئەو زۆرایەتییەی كە هەموو چەرخی ژیان دەسووڕێنن بەڵام بە هیچ دەژمێردران، بكەن بە گشت. ئێوە بەشێك لەو پێشەنگە بوێرە بوون كە لە قورسایی داب و نەریتی كۆن نەترسان و كچان و ژنانی كۆمەڵگای كوردستانتان بەرەو ئازادی و تێكۆشان و بڕوا بەخۆ هان دا، ئێوە بەشێك لەو حیزبە داهێنەرە بوون كە سیمای پێشمەرگەی تازەبابەتتان خوڵقاند و نیشانتان دا كە پێشمەرگەی وەك پۆڵا لە هەمان كاتدا دەتوانێ و دەبێ دۆست و هاورێی دڵسۆز و یاریدەدەری خاكیی و خۆماڵیی چەوساوەكانی كوردستان بێت، ئێوە بەشێك لە تێكۆشەرانی ئەو حیزبە سیاسییە پێشكەوتووە بوون كە لەحاست مافە نەتەوەییەكانی گەلی كورد، چ لە بەرەنگاری راستەوخۆ و چ لە مەیدانی وت و وێژدا، راستگۆ و بێ‌سات و سەودا و بێ‌ڕاڕایی بوو. بەڵی، بەكورتی، ئێوە بەشێك لە كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی

ئێران بوون و پەیوەست بوونەوەی سەرلەنوێتان بە ڕێزەکانی حیزبی خۆتان هەنگاوێکە لە هەمان ڕێچکەی پیرۆز و پرلەشانازیی ڕێبازی پێشووتان. ئێوە لەو رووتێکردنەوە سەرلەنوێیەدا تەنیا نین

هاورێیان، ئیجازەم بدەن با لە نامەیەکدا کە ئاراستەی ئێوەی ئازیزی دەکەم، روو بکەمە هەموو تێکۆشەرانی دێرینی ریزەکانی کۆمەڵە کە ئێستا بەتاق کەوتوون یان چالاکیی ڕێکخراوەیی ناکەن یان تەنانەت لە ڕێکخراوەکانی تر دان و سەرەتا پەیامێکی پیرۆزبایی رۆژی خۆیانیان لێبکەم و پێیان بڵێم: ئەی ئەو هاورێیانەی کە رۆژانی تاڵ و شیرینمان پێکەوە بردەسەر، ئەی ئەوانەی کە لەسەر کۆمەڵە و ئامانجە پیرۆزەکانی سەرما و گەرماتان قبووڵ کرد و بۆ خزمەت بە خەڵك برسیەتی و نانەزگیتان کێشا و خۆشترین ساڵانی تەمەنی لاویتان لەو پێناوەدا بەخت کرد، ئەوانەی لە رۆژانی سەختدا تەنانەت ئامادە بوون جگەرگوشەکانتان لە خۆتان دوور خەنەوە و خۆتان و ئەوانیش لە تەجروبەی شیرینترین ساڵانی تەمەنی منداليی بێبەش کەن، ئەی ئەوانەی بە کەس و کار و ماڵ و بنەماڵەوە زەرەرمەند بوون بەڵام هەرگیز چۆکی پەشیمانیتان نەلەرزی، کەم ئەندامانی کۆمەڵە، ئەوانەی خۆشەویستانتان تیاچوون، ئەی ئەوانەی قەت لەبیرمان ناچنەوە، لەخۆتان دەپرسم ئایا ئێستاش خۆشترین و بەنرخترین بیرەوەرییەکانتان هی سەردەمی تێکۆشان لە ریزەکانی کۆمەڵەدا نییە؟ خۆشەویستان، جێگەی بەعزێك لە ئێوە لە دەورەی نوێی تێکۆشانی کۆمەڵەدا خاڵییە. ئێستا کۆمەڵە بەخێرایی بەرەو بوون بە حیزبی هەرە گەورەی جەماوەریی کوردستان هەنگاو دەنێت و لەو رێبازەدا پێویستی بە بیر و ئەزموون و توانای ئێوە هەیە. من بانگەوازی هەموو تێکۆشەرانی دێرینی کۆمەڵە، لە هەر کوێیەك هەن، دەکەم بۆ ئەوەی جارێکی دیکە لە ژێر ئاڵای سووری کۆمەڵەدا و لەپێناو خوڵقاندنی هەموو ئەو سەروەری و شانازییانە کە پێناسەی کۆمەڵە بوون و مڵکی هاوبەشی هەمووانە یەك بگرینەوە و بە یەك شاد بینەوە. بزانن کە ئامێزی هاورییانتان بۆتان ئاواڵەیە.

جارێکی تر پیرۆزبایی رۆژی ٢٦ی رێبەندان و پیرۆزبایی بەیەك شادبوونەوەمان دەکەم.

هاورێی هەمیشەیی‌تان،

عەبدوڵڵای موهتەدی

٢٦ی رێبەندانی ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی، ١٥ی فیبرواری ٢٠٠٣